

# هوشیار زیباری ڤیگورێکی دبلوماسی سەقەتە

## جەزا چنگیانی

نەپارتییەکان نە خێزانی بەزانیەکان نە سەرجەم کورد نابێ دڵشادی ئەوە بن کە وەزیری دەرەوەی عیراق زیباری کوردە ! کورد بوونی مرۆڤی کورد یان { ( ڕەسەنایەتی بوونی ڕەگەزی مرۆڤ ) بە شوینی لە دایك بوون و زمان و پەساپۆرتەوە نیە . بەڵکو ڕەسەنایەتی ڕەگەزی مرۆڤ پەیوەندی بە هەست یانی دڵسۆزی و ئامادەبوون بە قوربانی و بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی باڵای ڕەگەزەکەیەتی } . ئێمڕۆ گیهاڕدشڕۆدە سەرۆك وەزیرانی ئەڵمانیا لەوتەیەکدا کە لە پەرلەمانی ئەڵمانیدا لەسەر کێشەی ئۆکرانیا کردی ووتی ( قسەکردن لەسەر گرفتی ئۆکرانیا و تورکیا و وولآتانی ئاسیا . دەبێ لە ئاستی بەرژەوەندی نەتەوەی ئەڵمانیا بێت .) ئەمە ڕەگەزی ڕەسەنە .*ڕەگەزی زیباری بە تویژاڵێك کوردە وەلی کوردێکی ڕەگەز ڕەسەن نیە بۆ ؟ چونکە زیباری بەرژەوەندی باڵای ڕەگەزی دەرەکی ( عەرەب ) ی خستۆتە باڵاتر لە بەرژەوەندی ڕەگەزی کوردیەوە.کە خۆشی چاك دەزانی وەرگرتنی ئەو پۆستە پەیوەندی بە چالاکی و جەربەزەی و هوشیاری سیاسی و( معریفە ) ڕوونڕەوەی دبلۆماسی ئەوەوە نیە . بەڵکو ئەو بەری سیاسیەتێکی ناسیاسیانەی بزوتنەوەی کوردیە لەباشووری کوردستاندا . یان داشی شەترەنجێکی سیاسیە کە لە بەرژەوەندی (یەکیتی خاکی عیراق ) دا کاردەکات . کە ئەمەش تاقە خەوی ناسیونالیستی عەرەبیە لە کازەبلانەکەی مغریبەوە تا دەگاتە دەوحەی کەنداوی فارسیەوە . عیراق لە ساڵی 1921 کە دروستکراوە یەکیتی خاکی عیراق لە سەر بەرژەوەندی و پاشە ڕۆژی کورد دامەزراوە .خوێندنەوەی ئاوزانی سیاسی ( عەلاوی و یاوەر) ی ساڵانی2004 و2005 و ساڵانی داهاتووش , خوێندنەوەی هەمان وانەی سیاسی ( نوری السعید ) سەردەمی پاشایەتی عیراقدا . بڕوانن نوری السعید چۆن یەکیتی خاکی عیراق دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبەوە ( ليس دفاعي عن القومية العربية امرا عابرا . فالقومية العربية هي كياني وقد نذرت نفسي لتجميدها . فاذا كان هدفي المقدس في سن الشباب و الكهولة فلا عجب ان ابقي علي نفس المبدأ في شيخوختي . انني سأواصل بكل ما املك من جهد وقوة لحماية استقلال بلادي وسيادتها وسأسعي ما حييت لرفع مستوي الشعب فيها حتي يصبح العراق سندا قويا لكافة ابنا الدول العربية كانوا دون تفريقة ) **

## به عیراقی بوونی تاکی کورد دووخاڵ دەگەینێ ...

1 ) بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبی و ناسیونالیستی عەرەب .

2 ) پێچەوانەکەی نزم سەیرکردنی بەرژەوەندی تاك و سەرجەم کۆی گەلی کورد لە باشوودا .نەتەوەی کورد لە کوردستاندا .

لە دیر زەمانەوە واتە لە ساڵی 1921 وە هەر کەسایەتیەکی کوردی لە چەق ( بەغداد ) دا پۆستێکی هەبووبێت . ئەو کەسە ڕاستەخۆ لە ئەرکی مۆڕاڵی نەتەوەی خۆی ( کوردی ) داماڵراوە .بە پیێ بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئیستای عیراق کە پێکهاتووە لە هەردوو ڕەگەزی ( کورد و عەرەب ) , و لە ساڵی 1921وە تائیستا ئارامی ( ناوکی ودەرەکی ) بە خۆیەوە نەدیوە ڕووی زبری ئەم دەسەڵاتە داتاشراوە بە دانی چەند پۆستێکی وەزاری بە ڕەگەزی کورد جوان و ئارام نابێت . کورد و عەرەب وەك دوو ڕەنگ یان دوو مەتریاڵی کیمیاوی دژ بەیەك ناتوانرێ لە لابۆری سنوری داتاشراوی عیراقدا مەتریاڵێك یان ڕەنگێکی سەقامگیری تری لێدروست بکرێت . بۆ چونکە بونیادی ئیستراتیجتی بیرکردنەوەی تاکی هەردوو کۆمەڵگا دژ بەیەکن . بۆیە دەسەڵاتی چەق ( بەغداد ) بە کورد و عەرەبەوە نابیتە ئەڵتەرناتیفی واقعی دژوار وپردە دڕکاوێکەی نیوانیان بۆیە کارێکی نا ژیریە ( لا معقول ) گەوجییە کورد و عەرەب لەو ڕاستیە خۆ گیل بکەن کە بە پاشقولی ( لامەرکەزی وئۆتۆنۆمی و فدریالی ) پاشقول لە کات ( الزمن و الوقت) بگرن بتوانن ئایندەیەکی ئارام بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن .ئەمانە هیچی پەسەند ناکرێت ئەگەر تاکی کۆمەڵگایەك بونیادی هزری دیموکراتی و نەرم ونیان نەبێ . ئۆپۆزسیونی عیراقی و دەسەڵاتی ڕەهای عەرەب بەرنامەیان , یاسایان ( سەربڕینی مرۆڤە ,,, پاشقولگرتنە لە کورد ) . هەموو باڵە سیاسیەکانی عەرەب لە هەر شیونێك بێت هێندە کورد پەسەند دەکەن کە کورد واز لە پرسیارە سەرەکێکەی مرۆڤی کورد (دەوڵەتی کوردی ) بهێنێ . کوردیش کاتێك عەرەب پەسەندەکات کە داخوازیەکەی کورد ( دەوڵەت ) پەسەند بکەن , کە ئەم داخوازییە بۆ ئاوزانی عەرەب ( غیر قابیل للقبول ) ە . ئەو ووتە جوانەی شیخ محمودی نەمر فەرمووی ( کورد و عەرەب قەت بەیەکەوە هەڵناکەن ) . ئەم دووجەمسەرە دژە قەت ناگەن بە یەك . کەواتە بوونی کەسایەتیەکی سەقەتی وەك ( زیباری ) لە پۆستی وەزارەتی دەرەوەدا .پردێکی قرچۆکە هەر ئەوەندە ناسیونالیستی عەرەب بەسەریدا تێپەڕی و دوخە گەرمە ناسەقامگیرەکەی عیراق کەمێك ئارام ببێتەوە دوای ( زیباری ) سنورداشی ئەو سنوورەی دەکەنەوە کە ناسیونالیستی عەرەبی بۆ کوردی کێشاوە کە زیندانی کردنی کوردە لە شارەکانی ( سلیمانی و هەولیر و دهۆك ) ئۆتۆنۆمیەکی ڕۆشنبیری .

لە ساتێکدا عیراق و پرسی هەڵبژاردنی بۆتە بابەتێك کە لە ئاستی 20 وەزیری ئەمەریکی و ئەوروپی عەرەبی و تورك وفارس دا لە شرم الشیخ قسەی لێدەکرێ ( زیباری ) یش وەزیری دەرەوەی عیراقە . جەخت لەسەر هەڵبژاردنی عیراق دەکاتەوە . پارتەکەی زیباری و سەرۆکی میری هەولیر ( نەوچیرەوان بەرزانی ) لەسەر هەڵبژاردن بۆچونێکی تری تەواو پێچەوانەی زیباریان هەیە . نەبوونی مەرجی هاوبەشی بوونی کوردی بۆ هەڵبژاردن لە شرم الشیخ دا لاسەنگیەکی سیاسی قورس دروستدەکات و یەخەی ئایندەی کورد دەگرێت . زۆر بڤەیە , ئەگەر عبدالله گول وەزیری دەرەوی تورکی بۆی هەبێ قسە لەسەر ئایندە و هەڵبژاردنی عیراق بکات بۆ ؟ بۆ کورد نەبێت هاوبەشی کونفرانسێك بکات کە پابەندە بە ئایندەی

سیاسی وولاَتێكەوە كە بەزۆر پێوەی لیكنراوە ؟؟؟ دەنگی كورد لە شرم الشیخ دا ئەگەر بە بوونی زیباری بسپیرین ئەوە ئامانجی ئەو دانیشتنە وەك هەمان ئامانجی دانیشتنەكەی پاریسی سەردەمی فرانسۆ میترانی لێدی كە كاتی خۆی ویستی دەسەلاَتێكی كوردی لە باشوردا بۆ كورد دروست بكات . لەو دانیشتنەدا زیباری نۆینەری پارتی بوو . توركیای دڕندەش زۆر بە توڕەییەوە دەیڕوانیە ئەو كۆبوونەوەیە دوای تەواو بوونی كۆبوونەوەكە . زیباری هەر لەپاریسەوە ( تەواوی نهێنیەكانی دانیشتن وپیلان و بەڵێنەكانی فرنسای ) بە میتی توركی بەچەند ملوین دۆلار فرۆشت . ئەوە بوو توركیا ناڕەزای بەرامبەر بە دەوڵەتی فرنسا دەربڕی . لە شەرم الشیخ دا هەریەكی لە ئامادەبوان ( ئەمەریكاییەكان , ئەوروپیەكان , دراوسێ دڕەكانی كوردستان . وولاَتانی عەرەبی . زیباری و ناسیونالیستی عیراقی ) ئەمانە ئیستراتیچێت و بەرژەوندی خۆیانیان تیدا پاراست . ئەوەی وون بوو ( غأیب ) كورد و قسەكردن لەسەركێشەكەی بوو . بێگومان زیباریەك كە بونیادی بیركردنەوەی لە قومارخانە و گازینۆی ( Bondstreet ) لندن و هەفتەی بە 40 پاوەندی یارمەتی سوسیال ژیابێت وئیستا لە پۆستێكی وەهای بۆ دەرچوو بێت كە بە لێشاو دۆلاری بەسەردا دەبارێ .دەبێت بەرژەوەندی خودی لەسەروو بەژەوەندی كورد و منداڵە هەتیوو و بێوەژنە داماوەكانی هەشت هەزار بەرزانی داماوەوە دابنێت . گەر بڕوانینە ڕۆژنامەی خەبات و بۆچوونەكانی پارتی و دووفاقییەك لە سیاسەتی پارتی و هەڵویستی بەرزانییەكان ( نەوچیرەوان و مەسعود بەرزانی)لەگەڵ زیباری دا لە سەر ئایندەی كورد هەیە.*** لۆژیكی سیاسی وایە سەرۆكی پارتێك كە كەندیداتی كەسێك دەكات بۆ پۆستی وەزارەتێ پێویستە ئەو كەندیداتە پێش ئەوەی پەیڕەوی دەسەلاَت بكات دەبێ پرینسیبی سیاسی و ئیستراتیجیتی پارتەكەی پێلێش نەكات . شتێكی ئاشكرایە ئەگەر زیباری وهەڵبژاردەی پارتیە لە دەسەلاَتی كاتی عیراقدا و دەسەلاَتی كاتی عیراق داخوازییەكانی پارتی جێبەجی نەكردوە پیویستە پارتی وەزیرەكانی لە وزارەت بكێشینیتەوە تا جێبەجێكردنی ویستەكانیان .بەپێ گوتەكانی نەوچیرەوان تائیستا دەسەلاَتی كاتی عیراق یاسای كاتی عیراقی جیبەجینەكردوە . ئەم بێدەنگی و بێ هەڵوێستیەی پارتی لە بێدەنگی و بێ ڕۆڵی زیباری لە شڵەقاندنی پرسیاری كوردی لە كۆنفرانسە نیودەوڵەتێەكاندا پاشقولە و پارتی لە گەلی كوردی دەگرێت .

2004/11/24 فرانكفۆرت

* تەلەفزیۆنی ZDF ئەڵمانی ڕۆژی 2004/11/24

** نور السعید .... رجل الدولە و الانسان ......... الدكتورە عصمت السید

** خەبات 2004/11/24 ژمارە 1629 لاپەڕە 1

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de